

# من لەسادەترین مافەکانم بێبەشم

ماردین عەبدولکەریم

دڵشکاو لەدنیاو دەموچاو حەپەساو، کەمێك چڵکن، وەڵامـەکانی رستـەی تەواونەبوون وشـەیەك، دووان بـەڵام چیبکـات.. لەسـپێدەوە رۆژی بـەلێدان دەستپێدەکاتو شەوانیش فرمێسك دەڕێژێ.

دەشتی رۆژانـە پـەلی دەریای دەگرتو بـەدوای خۆیدا کێشی دەکرد.. هێنـدە دەیسووڕاندەوە، تاتـەواو شـەکەتو مـاندووی دەکرد..دواجـاریش لەبەرخۆیەوە دەیووت.. سواڵ..سواڵ.. دیسانەوە سواڵ، لەپێنج ساڵییەوە سـواڵ ئـەوە یـازدە سـاڵە سـواڵ دەکـەم، ئەمــەوێ بـەباوکم بڵێــم حــەزم لەخوێندنە، حەزم لەدانیشتنی سەر رەحلـەی مەکتەبـە، دەمـەوێ گـوێ بـۆ مامۆستا شل بکەم بزانم ئەویش وەك تۆ پێم دەڵێ برۆ بۆ سواڵ.. دەمــەوێ وەك هاوتەمەنەکانم ئێواران تۆ شتم بۆ بهێنیتـەوە، نـەك مـنو دەریا سـێ ساڵانەکەی خوشکم لەڕێوە گیرفان بۆ تۆ هەڵڕێژین، ئای دەریـا گیـان.. تـۆ لەمنیش زووتر دەستت کرد بەسواڵ.. چیبکەین دایکە شێتو داماوەکەمان، ماڵــە بــاوانی لەمنداڵییــەوە فــێری هیچیــان نــەکردووە، ســـواڵ نــەبێ. کەداویشیانە بەشوو، وازی لەم پیشەیە نەهێنا، ناچار خۆم بەخێوم کـردی، خاوێنم دەکردیتەوەو شیرم بۆ دەکردیو بەلایلایەوە لەلانکم دەنـای، تـۆش تادەخەوتی چاو لەچاوانم خافڵ نەدەکرد.

ویسـتم بـەهۆی تۆیشـــەوە بـێ خـۆم لەسـواڵ بدزمــەوە بــەڵام باوکــە مەستەکەت، دایکمانو خوشکێکم بەجیا دەنێرێ بۆ سواڵو منیش بەتـەنیا، تۆش کە لەمنداڵییەوە هۆگری من بووی بەدوامدا دەگریتو ناچـار لـەنێوانی تـۆو بـابمدا، گێژدەخـۆمو دواجـار پـەلی تــۆ دەگــرمو بــەم نــاو بـازاڕەدا دەتسووڕێنمەوە.

دەزانم جەستەت شەکەتەو ڕۆح ماندوو، دەزانم خـەوی بـەیانیانت لەسـەر جادەکـات تـەواو دەکـەی دەزانم جێگـای ژێـرت رەق و تەقـەو ئێسـکە ناسکەکانتی لـێ دەچـەقن، لەگـەڵ ئەوەشـدا خەوەکـەت بەڕادەیـەك قوڵـە ڕۆژنامەنووسانو پۆلیسی ئاسایش وادەزانن..مادەی بێهۆشیت دەدەمێ.

دەشتی لەگەرمەی سـواڵکردنداو دەریـاش لەگەرمـەی خەودایـە، دەشـتی لەبەر خۆیەوە وەك ئەوەی تای بێ دەبزرکێنێو چەند جار قسەکان دووبارە دەکاتەوە.. بەیانییەکیان دەریا وتی.. دەشتی گیـان بـا ئـەمڕۆ نـەچین بـۆ سواڵ، ئەزانی یـاریکردن لەگـەڵ ئـەو منداڵانـەدا چـەند خۆشـە، ئـەزانی تـۆ پارەت زۆر پێیەو کەچی بووکە چاوشینەکە بۆ من ناکڕیو هەموو پارەکـان دەدەیتە باوکم، ئەها هەموو منداڵەکان بوکیان پێیە، باشە خۆ دایکم هەموو ڕۆژێ دەچێتە ماڵان دەرگا بەدەرگا داوای پارە، جل، خواردن دەکات، ئەی بۆ قەت داوای بوکێ بۆ من ناکات.

دەریا گیان.. خوشکە بێنازەکـەم.. مـن لـەپێنج سـاڵییەوە پێنـج هـەزار سۆندەم بەدەسـتی بـاوك خـواردووە، خەبەرکردنـەوەی بـەیانیانم بەشـەقو سۆندەو بۆرییە کەتایبەت بۆ لێدانی من دایناون، جا بڵێم چی خۆ تـۆ بـیرت نایەت کەپێم وت ناچمە سواڵ چەقۆی لێدام، شوێنەوارەکەیشی شایەدحاڵی قسەکانمن.

تووڕەدەبێو دەڵێ.. ئەمە باشترین کاسپییە کوڕم ڕاستە مـنو تـۆ ڕۆژی (١٠٠–٢٠٠) دیناری لـەپارە تازەکـە بـۆ دەهێنینـەوە، ناهـەقی نـاگرم چۆن دەستبەرداری ئەم نیعمەتە دەبێ.

ئای دەریا گیان.. ئەی بۆ من حەزو ئارەزووم نییـە گوێم لەمێردمنداڵانـە باسی خولی مۆسیقاو کۆمپیوتـەرو باسی کازیوەکانی منداڵان دەکەن، باسـی

پلەیستەیشنو یارییە جۆربەجۆرەکان دەکەن، هەر ئەوەیش نا زۆرینەی هاوتەمەنەکانم مۆبایل–یان هەیە.

ئێمەش ئاوارەنین، بەڵام تائەمڕۆ لەژێر خێمەدا دەژین، قەرەج نین، کەچی لەخەڵك وایە قەرەجین چونکە باوکم بەمیزاجی خۆی جارجارەیش شارەوانی دەرمان دەکەنو خێمەکەمان هەر ماوەی لەجێیەك هەڵدەدەین، خۆ ڕێکخراوی مناڵپارێزی کوردستان–یش سەردانیان کردین، چاك بیرم دێ کە بەباوکمیان وت خانوو بگرە ئێمە کرێو پێشەکیت بۆ دەدەین، بەڵام ئەو هەردەم لەژێر ئەم خێمەیەدا مەستەو دەڵێ خانوو دەست ناکەوێ.

کاتێکیش پێم وت ئەی بابە بۆ زستان چی دەکەین.. وتی هەر نایلۆن زۆرە.

ئای خوشکەکانم، ئێمە لەسادەترین مافەکانمان بێبەشین، بەڕۆژ لەشەقامەکاندا ڕۆژ بەسەردەبەینو بەشەویش لەژێر خێمەدا،لەهەمووی سەیرتر ئەوە بوو بەراستی جێی پێکەنینە ڕۆژێکیان لەوپەڕی بێزاریدا چومە مەرکەزی شورتە شکات لە باوکم بکەم کەچی پێم دەڵێن قسەی تۆ ناخوا منداڵی. خەڵکیش پێیان سەیرەو پێم دەڵێن سواڵ مەکە، سواڵ ناکەم چیبکەم، من تەمەنم شازدەساڵانەو لەسواڵ زیاتر هیچ پیشەیەك فێر نەکراوم، لەم پێناوەشدا لەشم شوێنی چەقۆ، فیشەك، سۆندە، شکاویی پێوەیە، ئاخۆ سی ساڵ بم چیبم.. چیم لێدەردەچێ ئاخۆ چ کوڕێ بم، چەقۆ وەشێن، تیرۆریست، بەندکراو، جند دەبم، یان ئەنسار خۆم دەتەقێنمەوە یان دەکوژرێم، خەڵك سەردەبڕم یان سەرم دەبڕن.

*خوێنەرانی بەڕێز ئاگادار دەکەین ئەمەی باسکرا ژیانی مێردمنداڵێکە لەناو خێزانێکی پەرتەوازەدا، حەقیقەتەو واقعیەو لەم شاری سلێمانی دەژی.